
# مەهاباد قەرەداغی "ئافرەتیزم" چاپ و بڵاودەکاتەوە






■ ئا: سیروان عەباس

نووسەر و لێکۆڵەر مەهاباد قەرەداغی سەدەیەک خەباتی ئافرەتی کورد لە کتێبێکدا بە ناوی (ئافرەتیزم) دەنووسێتەوە و بەمزووانە چاپ و بڵاودەکرێتەوە.

مەهاباد قەرەداغی بە (ئەدەب و کولتووری رووداو)ی راگەیاند: کتێبی ئافرەتیزم لە 360 لاپەڕە پێکدێ و باس لە سەدەیەک (1918-2018) خەباتی ئافرەتی کورد لە باشووری کوردستان دەکات لە پێناوی ئازادی، یەکسانی و سەربەخۆیی خۆی و نیشتمان".

قەرەداغی هەروەها گوتی: "ماوەی زیاتر لە شەش مانگ سەرقاڵی نووسینی ئەو کتێبە بووم کە توێژینەوەیەکی مێژووییە و لە یەکەمین ڕێکخراوی ژنانی کورد لە ساڵی 1919 دەستپێدەکات کە بە ناوی (کۆمەڵەی پێشخستنی ژنانی کورد) بووە و لە ئیستانبوڵ دامەزراوە".

مەهاباد قەرەداغی تا ئێستا 34 کتێبی بە چاپ گەیاندووە و لە زانکۆی ستۆکهۆڵم رشتەکانی کۆمەڵناسی و دەروونناسی و پەروەردەی خوێندووە. ئێستاش لە زانکۆی سابیس زمان و ئەدەبی ئینگلیزی دەخوێنێ.

# ڕۆمانێکی عێراقی بەربژێری خەڵاتی «مان بووکەر»ـە




■ ڕووداو ـ ئاژانسەکان


ڕۆمانی «فرانکشتاین لە بەغداد» لە نووسینی، ئەحمەد سەعداوی، ڕۆماننووسی عێراقی، لە کورتەلیستی خەڵاتی نێودەڵەتیی مان بووکەردایە.

جگە لەم ڕۆمانە، ڕۆمانی پێنج ڕۆماننووسی دیکە لە وڵاتانی فەڕەنسا، کۆریای باشوور، مەجەر، ئیسپانیا و پۆڵەندا بەرچاو دەکەون.

ئەم خەڵاتە ئەدەبییە ساڵانە لە لەندەنی پایتەختی بەریتانیا دەبەخشرێتە باشترین ڕۆمانی وەرگێڕدراو بۆ زمانی ئینگلیزی. بڕی خەڵاتەکە 50 هەزار پاوەندە کە بە هاوبەشی دەبەخشرێتە نووسەر و وەرگێڕی ڕۆمانەکە. خەڵاتەکە لە 22ی ئایار لە ئاهەنگێکدا لە مۆزەخانەی ڤیکتۆریا ئەلبێرت لە لەندەن رادەگەیەندرێت.

ڕۆمانی «فرانکشتاین لە بەغداد» لە ساڵی 2014ـدا خەڵاتی جیهانیی ڕۆمانی عەرەبی پێبەخشرا و بۆ 10 زمانی جیهانی وەرگێڕدراوە.

# شەش کتێبی عارف قوربانی بە ئینگلیزی بڵاودەکرێنەوە




■ ئا: سیروان عەباس

شەش کتێبی نووسەر و ڕۆژنامەنووس عارف قوربانی کە لە بارەی ئەنفالەوە نووسیونی، وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی ئینگلیزی و لە چەند ڕۆژی داهاتوودا لە مەراسیمێکدا بڵاودەکرێنەوە.


عارف قوربانی بە (ئەدەب و کولتووری رووداو)ی راگەیاند: پێنج لە کتێبەکان گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ئەنفالن لەلایەن پێنج کەسایەتی کوردەوە کە لە کاتی گوللەبارانکردن و زیندەبەچاڵکردندا رزگاریان بووە، کتێبێکی دیکەش چۆنیەتی بەڕێوەچوونی پرۆسەی ئەنفالە لە زاری شۆفێری یەکێک لەو شۆفلانەی کە خەڵکیان زیندەبەچاڵ دەکرد».

قوربانی لەبارەی کاتی بڵاوکردنەوەی کتێبەکانی گوتی: «ڕۆژی 20ی نیسان لە ڕێوڕەسمێکدا بە ئامادەبوونی نوێنەر و کونسوڵی وڵاتان، لە هەولێر کتێبەکان بڵاودەکرێنەوە».

عارف قوربانی، نووسەر و ڕۆژنامەنووس، ساڵی 1970 لە کەرکووک لەدایکبووە. بکالۆریۆسی لە راگەیاندن هەیە. پێشتر ئەندامی مەکتەبی راگەیاندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بووە و ئێستا وەکو نووسەری بێلایەن لە بواری جینۆساید دەنووسێت و یەکێکە لە گۆشەنووسە بەردەوامەکانی (ڕووداو). تاوەکو ئێستا 40 کتێبی چاپ و بڵاوکردوونەتەوە.

# مارگرێت دوراس؛ عاشقە سەرشێتەکە

نووری بێخاڵی



سیناریست و ڕۆماننووسی فەڕەنسی، مارگرێت دۆنادیۆ (مارگرێت دوراس) کە لە نیسانی 1914 لە شاری سایگۆنی ڤێتنام (ئەوکات کۆڵۆنیی فەڕەنسا بوو) لەدایک بووە، بە یەکێک لە گرنگترین نووسەرە فەڕەنسییەکانی سەدەی بیستەم دادەنرێت. لە تەمەنی 17 ساڵیدا لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەی دەگەڕێتەوە فەڕەنسا، لەوێ بۆ تەواوکردنی ماتماتیک دەچێتەوە بەر خوێندن، دوای ماوەیەک واز دێنێ و ڕوو دەکاتە خوێندنی زانستە سیاسییەکان و هەر لەو ماوەیەشدا پەیوەندی بە حیزبی کۆمۆنیستی فەڕەنسییەوە دەکات. لە گەرمەی جەنگی دووەمی جیهانیدا وەک خۆبەخش دەچێتە ڕیزی بزووتنەوەی بەرەنگاریی فەڕەنسییەکان لە دژی ئەڵمانیای نازی کە ئەوکات فرانسوا میتێران (کە تا کۆچی دواییان هاوڕێی گیانی بەگیانی بوون) سەرکردایەتی بزووتنەوەکەی دەکرد.

تەمەنی چوار ساڵان بووە کە باوکی کۆچی دوایی کردووە، لە تەمەنی هەرزەکارییەوە کەوتووەتە داوی خۆشەویستیی گەنجێکی دەوڵەمەند، بەڵام پەیوەندییەکەیان ناکام بووە. دوو جار هاوسەرگیریی کردووە، جاری یەکەم لە ساڵی 1939، کە بەرهەمەکەی منداڵێک دەبێ و دواتر دەمرێ، دووەم جاریش لە ساڵی 1947 کە کوڕێکی دەبێت و ناوی دەنێ (جان). مەرگی ناوادەی باوکی، ئەو عیشقە ناکامە و مامەڵەی خراپی دایکی لەگەڵی، هەروەها ئەزموونی سەختی ژیانی لە ڤێتنام، دیوە تاریک و دۆزەخییەکانی سیستەمی کۆڵۆنیالیستیی فەڕەنسی لە ڤێتنام، مردنی لەناکاوی برا بچووکەکەی و دواتر مەرگی دایکی و ئەو کارەساتەی بەسەر برا گەورەکەیدا دێت، ڕەنگدانەوەی زۆریان لە نووسینەکانی (دوراس)دا هەیە.

بە خوێندنەوەی وردی بەرهەمەکانی، لەو ڕاستییە تێدەگەین کە تراژیدیای ژیانی دوراس، دایک و براکەی بوون، بەتایبەتی دایکی. ئەو دایکەی نەک هەر خۆشی نەویستووە، بەڵکو لە مامەڵەکردن لەگەڵیدا تا ئەوپەڕی توند و زبر بووە. ڕەنگە ئەو بۆشایی سۆز و خۆشەویستییەی دایکی کە هەر لە منداڵییەوە لەگەڵیدا گەورە بووە، لەگەڵ خۆشەویستییە ناکامەکەی لە ڤێتنام، هۆکار بووبن بۆ ئەوەی لە تەمەنی شەست و شەش ساڵیدا بکەوێتە داوی خۆشەویستیی (یان ئاندریە)ی تەمەن 25 ساڵ کە تا ڕۆژی مردنی (دوراس) لە مانگی گوڵانی 1996، نەک هەر لەگەڵی بەردەوام بوو، بەڵکو بە هۆی قووڵی و کاریگەریی عیشقەکەیانەوە، تا چەند ساڵێکیش دوای مەرگی (دوراس)، (ئاندریە) گۆشەگیریی هەڵبژارد.

●●

دوراس کە لە پای ڕۆمانی (عاشق) خەڵاتی ناسراوی (گۆنکور)ی وەرگرتووە، هەر لە نووسینەکانی سەرەتای تەمەنییەوە توانی سەرنجی نێوەندی ئەدەبی و ڕەخنەیی و هەروەها سەرنجی خوێنەران بۆ لای خۆی رابکێشێ. ئەگەرچی ساڵی 1943 ڕۆمانی (سپڵەکان)ی نووسی، بەڵام ڕۆمانی (بەنداوێک بە ڕووی پاسیفیکدا - 1950)، بەردی بناغەی نووسین و بڵاوبوونەوەی ناوبانگی بوو. دواتر بە هۆی شانۆنامەکانیەوە و بەتایبەتی هەردوو شانۆنامەی (گۆڕەپان - 1962)، (ڕۆژێکی تەواو لەناو دارەکاندا - 1968) و بەدوای ئەوانیشدا، سیناریۆی فیلمی (هێرۆشیما خۆشەویستەکەم کە ساڵی 1975 خەڵاتی فێستیڤاڵی سینەمایی کانی وەرگرت)، دەرگا و دەروازەی بەجیهانیبوونی لەبەردەمدا ئاوەڵا بوو. دواجار لە ڕێگای ڕۆمانی (عاشق) ـەوە بووە ناوێکی دیاری ناو ئەدەبی جیهانی و وەک یەکێک لە پڕخوێنەرترین ڕۆماننووسە فەڕەنسییەکان ناسرا و بەرهەمەکانی وەرگێڕدرانە سەر چەندین زمانی زیندووی جیهان.

بەرهەمەکانی دوراس لە ڕۆمان و شانۆنامە و سیناریۆی فیلم و کتێبی دیکە (کە دەیان کتێبن)، ئاماژەیەکی ڕوونن بۆ توانای ئەو ژنەی کە فەڕەنسییەکان جارێک بە (جادووبازی نووسینی ڕۆمان) و جارێکی دیکە بە دیاردەی زیندوو و جیاوازی ئەدەبی و جارێکیش بە شاژنە مارگۆ (وەک ئاماژەیەک بۆ گرتنی لووتکەی عەرشی ئەدەبی فەڕەنسی بۆ ماوەیەکی درێژ)، وەسفیان کردووە.

دوراس کە گۆشەگیری و تەنیایی لە کاتی نووسیندا نهێنیی سەرکەوتنی بووە (بۆ ئاشنابوون بە نهێنییەکانی سەرکەوتنی ئەزموونی نووسینی دوراس، خوێنەر دەتوانێ بۆ کتێبی- ان تکتب.. الروایە والکتابە- بگەڕێتەوە)، لە بەرهەمەکانیدا بە تۆنێکی هێمن و خەمگین، بە هەستکردنێکی شاراوە بە ونبوون و لەدەستدانی سۆز، بەڵام هێور و دانبەخۆداگرتوو، بە ناخی مرۆڤدا ڕۆدەچێت و بە دوای نادیاردا دەگەڕێ. بە مانایەکی دیکە، ئەو ژنە نووسەرە بە هەستێکی قووڵ و ئاگاییەکی زۆرەوە، وەسفی ئێش و ئازاری مرۆڤ و خەون و خۆزگەکانی دەکات و برین و ئازارەکانی مرۆڤ دەنووسێتەوە. وەک ژنێکی دژەباو، یاخی و ڕیسککار، ڕاستگۆیانە وردەکارییەکانی ژیانی خۆی، پەیوەندییەکانی، لە دەقەکانیدا تەوزیف کردووەتەوە. بە کەسێکی ڕیالیست، بوێر و سەرکێش، بەرهەمەکانیشی بە هەمەڕەنگی، نوێگەری، ڕاستگۆیی (وەک هەوڵێک بۆ دۆزینەوە و ئاشکراکردنی نهێنییەکانی واقیع) دەناسرێنەوە.

●●

### لە نێوان ئاگری دوو عیشقدا

دوراس لە تەمەنی هەرزەکارییەوە لە ڤێتنام عاشقی کوڕێکی چینی دەبێت کە 12 ساڵ لە خۆی گەورەتر بووە. لە تەمەنی 66 ساڵیشدا

> بە خوێندنەوەی وردی بەرهەمەکانی، لەو ڕاستییە تێدەگەین کە تراژیدیای ژیانی دوراس، دایک و براکەی بوون







لە پاریس، دەکەوێتە داوی عیشقی گەنجێکی تەمەن 25 ساڵی. ئەزموونی یەکەمی سەرەڕای شەیدایی و هۆگربوونێکی قووڵ، بەڵام بە هۆی هەلومەرجەکانی ژیانی دوراس و هەڵوێستی دایکی، ناکام دەبێت. کەچی ئەوەی دووەمیان دەبێتە جۆرێک لە عیشقی ئەفسانەیی و قەرەبووی هەموو ئەو ڕابردووە بریندارەی بۆ دەکاتەوە. عیشقێک (ئەندریە)ی گەنج تا دوا چرکەکانی هەناسەدانی، بە تەنیشت دوراسەوە دەهێڵێتەوە. نەک هەر ئەوە، بەڵکو دوای مردنی مەعشووقەکەیشی، لە کتێبێکی دانسقەدا، ئەزموونی هۆگربوون و عیشقەکەیان دەنووسێتەوە و دەبێتە یەکێک لە پڕ خوێنەرترین کتێبەکانی فەڕەنسا و ساڵی 2000 لە پاریس خەڵاتی ئەدەبیی جەژنی عاشقان دەباتەوە.

(یان ئەندریە) نووسەرێکی گومناو، بەڵام خوێنەرێکی ڕژد و شەیدایەکی سەیری نووسینەکانی (دوراس) بووە، دواتریش دەکەوێتە داوی ئەوینییەوە. پەیوەندییەکی خۆشەویستیی دژەباو، پەیوەندییەک لە ڕێگایەوە ڕکابەری سەردەم و هەموو چەمک و بەها کۆمەڵایەتییەکانیان کرد. دەیان و سەدان پرسیار و گومانی لەناو کۆمەڵگاکەیاندا دروست کرد. ئەو عیشقەی دواجار کرایە فیلمێکی سینەمایی و دەنگدانەوەیەکی گەورەی بەدوای خۆیدا هێنا.

●●

### یادەوەری، عیشق و ڕاستگۆیی

ڕۆمانی (عاشق - 1984) یەکێکە لەو بەرهەمانەی کە جگە لەوەی وەرگێڕدراوەتە سەر زیاتر لە 20 زمانی دونیا، چەندین جار بە دوای یەکدا چاپکراوەتەوە و بە ملیۆنان دانەی لێ فرۆشراوە، دواتریش کراوەتە فیلمێکی سینەمایی سەرنجڕاکێش. فیلمێک کە بەدیاریەوە دادەنیشیت و بێ ویستی خۆت، فرمێسک بە چاوانتدا دێنە خوارێ.

ڕۆمانەکە، گەڕانێکە بەناو ڕاڕەوە تەنگ و دالانە تاریکەکانی یادەوەریی ژنێکدا کە لە پاریس دەژیێت و بینینی چەند وێنەیەک دەیبەنەوە ئەو ڕۆژگارەی لە ڤێتنام ژیاوە و منداڵیی خۆی لەوێ بەسەر بردووە. چیرۆکی مردنی برا بچووکەکەی، بە دوایدا مەرگی دایکی و ژیانی پڕ کێشە و چەرمەسەریی برا گەورەکەی بەهۆی ئاڵوودەبوون بە ماددەی هۆشبەر و دەستتێکەڵکردن لەگەڵ باندی چەتە و مافیا. لەناویشیاندا وێنە هەر گەورە و درەوشاوەکەی مەعشووقەکەی، گەنجە چینییە دەوڵەمەندەکەی ناو یادەوەری، بەشێکە لەو ڕابردووە سەرڕێژ لە برین و دڵشکانە.

عاشق، گێڕانەوەی ئەزموونی ژیانی 17 ساڵ مانەوەی نووسەرە لە ڤێتنام. ڕۆمانێکە دەوڵەمەند بە ڕووداو و کەسایەتی و کاراکتەر کە دەشێ هەر یەکێک لەو ڕووداوانە بکرێنە بابەتی ڕۆمانێکی سەربەخۆ. منداڵیی بێناز، مەرگی ناوەختی باوک، مامەڵەی خراپی دایک، جیاکاری ڕەگەزیی ناو خێزان، بەلارێداچوونی برا گەورە و وێرانبوونی ژیانی، عیشق و ئازارەکانی، سەرکێشی و ڕیسککردنی کچێکی هەرزەکار لە کاردانەوەی مامەڵەی نابەرپرسانەی دایکی، تاریکییەکانی سیستەمی کۆڵۆنیالیزمی فەڕەنسی لە ڤێتنام و ستەمکاری و زۆر بابەتی دیکە، تەوەرە گرنگەکانی ناو ڕۆمانەکەن. ڕۆمانەکە لە یەک کاتدا دەشێ وەک بایۆگرافیای نووسەر، یان وەک ڕۆمانێکی مێژوویی، یاخود وەک ڕۆمانێکی سایکۆلۆژی سەیر بکرێ. عاشق تێکەڵەیەکی سەیرە، مەگەر هەر نووسەرێکی وەک دوراس دەرەقەتی بێت. تەکنیکێکی هاوچەرخی نزیک لە قوتابخانەی ڕۆمانی نوێی فەڕەنسی، ئەوەی بە (ڕۆمانی دژ، یان نارۆمان) ناسراوە.

"ئەو ژنەی لە یەکێک لە وێنەکاندا دیارە، دایکی من بوو. بە پێچەوانەی وێنە نوێیەکانی، زۆر باشتر لەناو وێنە کۆنەکاندا دەیناسمەوە....".

بەم دەستەواژەیە و دەستەواژەگەلی دیکەی دواتر کە وێنای ڕوخسار و ئەدگارەکانی ژنەکە دەکات و ڕەفتار و هەڵسوکەوت و کاردانەوەکانی دەگێڕێتەوە، ڕێک باسی دایکی خۆی دەکات. عاشق، چیرۆکی کچێکی فەڕەنسییە کە لەگەڵ خێزانەکەیدا لە ڤێتنام دەژیێت، بە ماوەیەکی کەم دوای مردنی باوکی، دەنێردرێتە قوتابخانە. دایکی کچەکە لە بواری پۆست و گەیاندندا کار دەکات، دایکێک

کوڕە گەورەکەی (کە ئاڵوودەی ئەفیون بووە و بۆ ئەوەی پارەی کڕینی ئەو ماددە هۆشبەرەی دەستبکەوێت، دزی لە دایکی دەکات و زۆرجاریش کەلوپەلی ماڵەوە دەفرۆشێت) زۆر بە لاوە خۆشەویستە و بایەخێکی زۆری پێدەدات، لە بەرامبەردا پەروەردەکردنی کچەکەی فەرامۆش دەکات و هەرچی سۆزی دایکایەتییە پێی ڕەوا نابینێ، دایکێکی بەردەوام مڕومۆچ و تووڕە.

کچە لە کاردانەوەی ئەو ڕەفتارانەی دایکی، هەوڵ دەدات وەک کچێکی پێگەیشتوو دەربکەوێ، بە شوێن ئازادیی خۆیدا دەگەڕێ. ئیتر لەناو ئەو واقیعە دژوارەی ماڵەوە و هەوڵە سەرکێشییەکانی، ئاشنای گەنجێکی دەوڵەمەندی شارەکەیان دەبێت و دەکەوێتە داوی ئەوینییەوە. کوڕە ئامادەی خوازبێنی و پێکهێنانی ژیانی هاوسەرگیرییە لەگەڵ کچەدا، بەڵام دایکی کچەکە بەبێ هیچ پاساوێک، ڕەزامەندی نادات و دژی دەوەستێتەوە. ئەم هەڵوێستەی دایکی، سەرکێشتری دەکات، لە پەیوەندی لەگەڵ کوڕەکە و دیداری نهێنیی نێوانیان بەردەوام دەبێت، تەنانەت پەیوەندییەکەیان سەر بۆ بەریەککەوتنی جەستەیی و سێکس دەکێشێ، تا ئەوەی زۆرجار لە قوتابخانە دوادەکەوێت و بەڕێوەبەرایەتیی قوتابخانەکەش دایکی ئاگادار دەکەنەوە. دایکە دڵڕەقەکەی لەبری ئەوەی چارەیەک بۆ دۆخی کچەکەی بدۆزێتەوە، بە بەڕێوەبەری قوتابخانەکە دەڵێ، کچەکەم ئازادە و بە بەرپرسیارێتییەوە هەرچی بیەوێ، دەیکات. دوراس لە میانی نیشاندانی ئەم هەڵوێستەی دایکیدا، ڕاستەوخۆ دەیەوێ کەسایەتیی نابەرپرسی دایکێکمان نیشان بدات کە باکی بە بەلارێداچوونی کچەکەی نییە، دایکێک لە خەمی ئەوەدا نییە کچە هەرزەکارەکەی پەیوەندییەکی سۆزداریی دروست و ئاسایی هەبێت.

بوێری لە گێڕانەوەی بێ پێچ و پەنای بیرەوەری، باوەڕبەخۆبوون لە باسکردنی خود و پەیوەندییە سروشتی و ناجۆرەکانی، نەکەوتنەژێر باری هەست و سۆز لە خستنەڕووی نهێنییەکانی ژیانی خێزانێک و پەیوەندی ناجۆری نێوان ئەندامەکانی، ئەمانە و سەرەڕای زمانێکی باڵا، خەیاڵێکی فراوان، توانا و سەلیقەی بەرز و ناوازە و جیاواز لە هونەری گێڕانەوە، جۆرێک لە ڕاستگۆییان بە نووسەر بەخشیوە کە خوێنەر متمانە بە خوێندنەوەی نەک هەر ڕۆمانی (عاشق)، بەڵکو کۆی بەرهەمەکانی دیکەشی بکات. بۆیە بە لایەنی کەمەوە سەرەڕای ئەو ڕۆمانانەی نووسەر کە خوێنەر دەتوانێ بە فەڕەنسی، یان ئەوەی کراونەتە ئینگلیزی و عەرەبی، بیانخوێنێتەوە. سەرنجیشی بۆ ئەوە ڕادەکێشم کە کتێبی (نووسین)، یان (کە بنووسیت.. ڕۆماننووس و نووسین) بخوێنێتەوە، بۆ ئەوەی باشتر و وردتر ئاشنای ئەزموونی دەوڵەمەند و نهێنیی داهێنانی ئەدەبیی ئەو ژنە نووسەرە بێت.

---

# میران ئەبراهـ...
# من لەپێنـ...
# وەك چـ...

**میران ئەبراهام، یەکێکە لە ناوە دیار و ناسراوەکانی ناو دنیای ئەدەبی کوردی. ساڵی 1970 لە سلێمانی لەدایک بووە و ساڵانێکی درێژە لە هۆڵەندا نیشتەجێیە، خاوەنی چەند کتێبێکە، لەوانە (گۆڕهەڵکەنە، منداڵە ونبووەکانی نیشتیمان و ڕۆمانی شەوگەڕەکان) کە ئەمەی دواییان ساڵی 2015 لەلایەن خانەی بڵاوکردنەوەی ئەندێشە بڵاوکرایەوە.**

**سازدانی: گۆران ڕەئوف**

**گۆران ڕەئوف: دەمەوێت سەرەتا لەو پرسیارەوە دەستپێبکەم کە ریشەیەکی دینیی هەیە، مەبەستم بەسەرهاتی ئادەم و حەوایە، ئەوەی لەسەر هەڵەیەک فڕێدەدرێنە سەر زەوی و تەواوی نەوەکانیان باجی هەڵەی ئەوان دەدەن، لەم گۆشەنیگایەوە شوێنی ڕاستەقینەی مرۆڤ بەهەشتێکە و زەوی بەجۆرێک لە جۆرەکان دۆزەخی ئەو بەهەشتەیە! پوختەی پرسیارەکەم ئەوەیە: ئەو چرکانەی مرۆڤ هەست بە نائارامی دەکات و بیر لە شکۆمەندی خۆی دەکاتەوە، مەگەر ڕەوا نییە ئیتر ڕەتکردنەوەی ئەم جۆرە لە ژیان؟ یاخود ڕەتکردنەوەی ئەم ژیانە لەپێناو ئەوەی هەست دەکرێت باجی هەڵەیەک دەدەن؟**

**میران ئەبراهام:** درەنگ یان زوو ئێمەی مرۆڤ هەموومان مردنێک قەرزارین، ئەگەر وەکو مرۆڤ بیر بکەینەوە و خۆمان گەمژە نەکەین، ئەوا هەموومان چارەسەری ئەو هاوکێشەیەمان لەلایە و لێی دوودڵ نین، ئەوە دەزانین هەموومان دەبێت ئەو قەرزە بدەینەوە و کەس ناتوانێت لەدەستی رابکات، بەڵام پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە، ئایا ئێمە تاوەکو چەند بەو مردنە و مانای ئەو مردنە رازین؟ لە کاتی نووسینی یەکەم دێڕی کتێبە پیرۆزەکانەوە تەواوی مرۆڤایەتی بووین بە دوو بەشەوە، بەشێکی زۆرمان بەو مردنە رازی نین، ئیتر ئەو مردنە بە فەرمانی خودایەک بێت یان کاری سروشت، ئەوانەی بەو مردنە رازی نین لەسەردەمی ئەو ئادەم و حەوایەی تۆ باسی دەکەیت، بەهانە و حیلە بۆ دواخستن یان رەتکردنەوەی ئەو مردنە دێننەوە، هەر مرۆیەک لەدایک دەبێت داوای ژیانێکی ئەبەدی دەکات، بەهانەکەیشیان ئەوەیە کە تۆ باست کردووە، "شوێنی راستەقینەی مرۆڤ بەهەشتێکە و زەوی بەجۆرێک لە جۆرەکان دۆزەخی ئەو بەهەشتەیە".

ئیتر مەبەست لە نووسینی چیرۆکی ئادەم و حەوایش بەرهەمی خەیاڵی ئەو مرۆڤە نارازیانەیە، بیرکردنەوە لە ئەفسانەی ئادەم و حەوا بۆ ئەوەیە، تاوەکو دڵی خۆیان بەوە رازی بکەن، گوایا دوای مردن جێگایەک هەیە ئێمەی مرۆڤ بۆی دەگەڕێینەوە، ئیتر ئەوان دەیانەوێت بڵێن ئێمە بە چاکەکانمان هەڵەکانی ئادەم و حەوا راست دەکەینەوە، پاشان سەدان ملیار مرۆڤ پێکەوە بەهەشت پاداشتمان دەبێت. کەواتە لێرەدا چیرۆکی ئادەم و حەوا بۆ خۆی هیوایەکە بۆ ئەوانەی بە مانای مردن رازی نین.

**گۆران ڕەئوف: گەر زەوی دۆزەخی بەهەشت نەبێت و مرۆڤ فڕێ نەدرابێتە سەر زەوی و هەڵەیەکی وەک ئەوەی ئادەم و حەوا لە گۆڕێدا نەبێت، بەڵام دواجار لە مێژووی ئەدیبە خۆکوژەکاندا هەست بەوە دەکرێت کە ژیانیان بە رەهایی رەتکردووەتەوە، بۆ وێنە (ڕۆمان گاری- فەرەنسی) بۆ ئەوەی پیر نەبێت خۆکوژی دەکات؟ یان (مارتا لینش- ئەرجەنتینی) بەرگەی ئەوەی نەگرت لۆچی دەموچاوی ببینێت بۆیە خۆکوژی دەکات. مەبەستمە بڵێم دیسانەوە مرۆڤ نایەوێت بگەڕێتەوە بۆ بەهەشتێک کە جیهانێکی نموونەیی بێت؟**

**میران ئەبراهام:** هەرچەندە ئەم پرسیارەتم بەلاوە گرانە، بەڵام تەواو لەگەڵتدا هاوڕام، "لە مێژووی ئەدیبە خۆکوژەکاندا هەست بەوە دەکرێت پرۆسەی ژیانیان بە رەهایی رەتکردووەتەوە".

ئەگەر بە راشکاوی لەوێوە دەستپێبکەم، چەند ساڵێک پێش ئێستا هاوڕێیەکی نزیکم کۆتایی بە ژیانی هێنا، جیرارد تەمەنی تەنها 28 ساڵ و هونەرمەندێکی شێوەکاری زۆر بەهرەمەند بوو، بەڵام ئەو بە پێچەوانەی ئەو دوو نووسەرەی تۆ ناوت هێنان، بیری دەکردەوە، وەکو تۆ ئاماژەت پێداوە، ئەو دوو نووسەرە لەدەست پیری هەڵاتوون و پیرییان پێ قبووڵ نەکراوە بۆیە خۆیان کوشتووە، بەڵام جیرارد لەدەست تەمەنی لاوێتی هەڵات و رازی نەبوو وەکو مرۆیەکی لاو لە ژیان بەردەوام بێت، ئەو زۆر لە زەبر و زۆری هەوەس و داواکاریی هەستەکانی بێزار بوو، هەتا گەیشتبووە ئەوەی

# ـام، نووسەر و چیرۆکنووس:

# ـاوی لاواندنەوەی رۆحی خۆم دەنووسم
# ـۆن دارێک بۆ مانەوەی خۆی بەر دەگرێت



**ئیماندارەکان مەرگدۆستی راستەقینەن**

تەمبەڵیی دەکرد لە خواردن و خەوتندا و خزمەتی خۆی نەدەکرد و دوو ساڵی کۆتایی تەمەنی هیچ بەرکەوتنێکی لەگەڵ ئافرەتدا نەمابوو.

ئێمەی مرۆڤ هەموومان ئەوە باش دەزانین، لە دوو هەزار ساڵی رابردوودا گۆڕانکاریی زۆر بەسەر توانای خەیاڵی مرۆڤدا هاتووە، بەڵام ئێمەی مرۆڤ بەو هەموو توانا و ژیرخانی زانستی و فیکرییەی ئێستا هەمانە، نامانەوێت لە بەهای ژیان لەسەر ئەم هەسارەیە تێبگەین، بەکۆمەڵ چاو لە راستییەکان دەنوقێنین و خەیاڵمان لای ئەو پاداشتانەیە کە لەدوای مردن چاوەڕێمانە، ئیتر زۆرینە نایەوێت گومانی لەوە هەبێت... یان بە راشکاوی لە راستییەکان بدوێت، ئەویش تەنها بێبەهاکردنی مانای مردنە و نارازی نەبوونمانە بەو پرۆسەیە.

ئەگەر ئەرکی مرۆڤ لەژیاندا تەنها ئەوە بێت تۆوی رەگەزی خۆی بچێنێت و بەردەوامی بدات بە ژیان، وەکو هەموو بوونەوەرەکانی تری سەر ئەم هەسارەیە، بێگومان کێشەکە لێرەدایە و ئەو خەیاڵە رەشبینی لای مرۆڤ دروست دەکات، لای هەموومان ئەوە ئاشکرایە کە ئێمەی مرۆڤ لە هەست و نەستدا لەگەڵ گیاندارێکدا هیچ جیاوازییەکمان نییە، رۆژانە دەبێت بەدوای هەوەسی خواردن و سێکس و بەرکەوتن و بینیندا رابکەین و ژیان و مردنیشمان تەنها لەو پێناوەدایە، ئێمە ئەگەر هەستەکانمان فەرامۆش بکەین بێزار دەبین یان نەخۆش دەکەوین، چونکە ئەوە سروشتی ئێمەیە. هەروەها لە لەزەتی هەستەکانمان ئەبەد تێر نابین، کەواتە بیرکردنەوە لە ژیانێکی ئەبەدی زۆربەمان ئاسوودە دەکات، هاوڕێکەم جارێک پێیگوتم: "ژیان بەسەربردن وەکو مرۆڤ... تەنها بیست ساڵێک بەسە!" ئەوە بیرکردنەوەی هاوڕێیەکی نێزیکم بوو، بەڵام من وەکو رۆماننووسێک ئەگەر لە دونیای ریاڵدا کۆتایی بەو ژیانەم هات، ئەوا لەناو فەزای چیرۆک یان رۆمانێکمدا بەردەوامی پێدەدەم.

**گۆران رەئوف: بەگشتی قسەیەک هەیە کە بەچەندان شێوە کراوە دەربارەی ئەرکی بنەڕەتیی ئەدەب، ئەویش ئەوەیە کە پێویستە ئەدەب لە خزمەتی مرۆڤدا بێت، یان بە شێوەیەک لە شێوەکان ئەدەب یانی ئیشکردن لە جوانکردنی دنیادا، بەبۆچوونی ئێوە ئەم دیدە سروشتی ئەدەبە و هەر تێڕوانینێکی تر بۆ ئەدەب لە دەرەوەی پرۆسەی ئەدەبە؟**

**میران ئەبراهام:** لە سەرەتاوە دەبێت لەوە بمبووریت کە لە وشەی (ئەدەب) یان (عەدەب) خۆم پاراستووە و لەبری ئەوە وشەی (هونەر) یان (وێژە)م بەکارهێناوە، ئیتر هونەری نووسین و هونەری شێوەکاری و ...هتد، چونکە منێکی نووسەر لە واتا و بێواتایی ئەو وشە عەرەبییە تێناگەم.

بۆ وەڵامی پرسیارەکەت، بێگومان ئێمەی مرۆڤ ئیتر نووسەر بین یان هەر پیشەیەکی هونەریی ترمان هەبێت، پیشەکانمان هەڵبژاردەی خۆمانە و لە پێناوی ئاسوودەیی بۆ رۆحی خۆماندا ئەو کارە دەکەین، پاشان هەموو کارێکی هونەری بیرۆکەیەکی داهێنانی لە پشتەوەیە، هەڵبەتە مەبەستم لە داهێنان، بەتایبەتی خولقاندنە لە بوارێکی هونەریدا، هەموومان ئەوە دەزانین مەرج نییە ئەوەی کاری هونەری دەکات داهێنەر بێت، خۆی داهێنان (Create) مرۆڤایەتی پێویستی پێیەتی و بۆ دۆزینەوەی رەنگ و فۆرمی نوێ گرنگە، بۆ ئەوەی پرۆسەی پێشکەوتن لەبواری مۆدێرنیتەدا بەردەوام بێت و بەرەو پێشەوە بڕوات، ئەوکات ئێمە دەتوانین ناوی لێ بنێین خزمەت بە میللەتێک یان مرۆڤایەتی بەگشتی.

ئەرکی بنەڕەتی هونەر بە هەموو شێوازەکانییەوە، لەسەرەتاوە زیاتر لە پێناوی رۆحی هونەرمەندەکان خۆیاندایە، من لەپێناوی لاواندنەوەی رۆحی خۆم دەنووسم، هەروەکو چۆن دارێکی بەردار لە پێناوی مانەوەی خۆیدا بەردەگرێت.

من نووسین وەکو دەلاقەیەک دەبینم کە لێوەی دەڕوانم و هەناسەی لێوە دەدەم، هەر لەو دەلاقەیەوە پرسیارەکانم ئاراستەی جیهانی دەرەوەی

**نووسین وەکو دەلاقەیەک دەبینم کە لێوەی دەڕوانم و هەناسەی لێوە دەدەم**

خۆم دەکەم. ئەو پرسیارانەی خۆم بەدوای وەڵامەکانیاندا دەگەڕێم. کە وەکو مرۆڤێک هونەری نووسیم هەڵبژاردووە، بۆ ئەوەیە بتوانم لەڕێگەی ئەو ژانرە هونەرییەوە پرسیار بکەم و بەرهەمی خەیاڵم بنووسمەوە، یان بە ناوازە پەیکەرێک لە دار دەتاشم.

**گۆران رەئوف: گەر ئەدەب بۆ ئەوە بخولقێت کە لە خزمەتی مرۆڤدا بێت، ئایا ئێمە تووشی ئیشکالیەت نابین لەبەرامبەر پێناسەی (خزمەتی مرۆڤ)؟ دەمەوێت بڵێم: رەنگە لای مرۆڤێکی رەشبین یان بەسروشت رەشبین خزمەت ئەوە بێت کە ژیان رەت بکاتەوە، بۆیە لێرەدا نووسینی ئەو نووسەرە رەشبینە لەخزمەتی مەرگدۆستیدا دەبێت. پرسیارەکە ئەوەیە: بەدەر لە چێژ، ئایا ئەدەبێک کە لە خزمەتی مەرگدۆستی و لە خزمەتی هەڵاتن لە ژیان و گاڵتەکردن بە ژیان بێت، تا چەند خزمەتە بەو پێناسەیە دەکات، گەر رێکبکەوین لەسەر ئەوەی ئەدەب پێویستە لە خزمەتی جوانترکردنی ژیاندا بێت؟**

**میران ئەبراهام:** فەیلەسووف و زانا و نووسەر و هونەرمەندەکان هەموو مرۆڤی رەشبین یان بەسروشت رەشبینن و زۆربەیان پرۆسەی ژیان رەتدەکەنەوە، ئەوە گومانی تێدا نییە و هەموو بە ئاشکرا دەیڵێن، بەڵام وشەی مەرگدۆستی زیاتر پەیوەندی بە خواناس و باوەڕدارانەوە هەیە، ئەگەر تۆ سەرنج لە شیعری تەسەوف بدەیت کە لەلایەن نووسەرە ئیماندارەکانەوە نووسراون، هەموو لە پێناوی مردن و خەوی دوای مردندا نەک ژیان و ژیاندۆستی نووسراون، هەندێکیان بە ناوازە و زۆر کەم لایانداوە و هەوەس و لەزەتی هەستێکیان دەلاوێننەوە، بەڵام مەبەستی زۆربەی ئەو نووسینانە لە پێناوی گەیشتن بە ژیانێکی ئەبەدیدا بووە نەوەک ژیان یان هونەری داهێنان، نووسەرانی سەردەمی مۆدێرنە مردن هەڵنابژێرن تاوەکو ناوی مەرگدۆستیان لێ بنرێت، بەڵکو ئەوان هەڵەکانی سروشت یان بێمانایییەکانی ژیان ئاشکرا دەکەن و لە کارێکی هونەریدا دووبارە لە فۆرم و شێوازێکی نوێدا دەیخولقێننەوە، پاشان پیری و مردن وەکو مرۆڤ ئەزموون دەکەن.

بەدیوێکی تردا هەوڵی نووسین ئەوە رەت دەکاتەوە کە نووسەران تەواوی پرۆسەی ژیان رەت بکەنەوە، بەڵکو گومانیان لەو پرۆسەیە هەیە، تۆ بتەوێت یان نا، بەبێ ئەوەی پرست پێکرابێت هاتوویتە ژیان، لەسەرەتای لەدایکبوونمانەوە پرسمان پێ نەکراوە ئاخۆ رازین بەم ژیانە؟ ئێمە هەموومان بۆ لەزەتی هەوەس بێت یان بە ئاگاییەوە لە ئەنجامی جووتبوونی نێر و مێیەکەوە دروست بووین، پاشان گەلێک لە ئێمە نارەزایی خۆمان دەردەبڕین و مردنمان لە ژیان پێ باشترە، وەکو ئەوە وایە چۆن گەلێک لە مرۆڤەکان تەنها لە پێناوی مردندا دەژین و هەموو شتێکی ئەم ژیانە بەتەواوی رەت دەکەنەوە، بۆ نموونە وەکو مرۆڤ ئەزموونی ژیان ناکەن و خەیاڵیان تەنها لای مردنە، کەواتە ئیماندارەکان مەرگدۆستی راستەقینەن، من ئەو مافە بەوان رەوا دەبینم، ئیتر هەرچەندە بۆ مرۆڤایەتیش کارەسات بێت.

**گۆران رەئوف: دەڵێن ئەو ئەدیبانەی ناتوانن پرۆژەیەکی ئەدەبی تەواو بکەن، دواجار پرۆژەکەیان بە خۆکوشتنی نووسەرەکە کۆتایی دێت، ئەمە یانی ئەوەی ئەدیبەکان پەیوەندییەکی زۆر رۆحییان لەگەڵ بەرهەمەکانیاندا هەیە؟**

**میران ئەبراهام:** ئەوە گومانی تێدا نییە، کاتێک پڕۆژەی نووسین کۆتایی دێت یان گەلێک جار نووسەر تووشی چەقبەستن دەبێت، ئەوسا ژیان لای نووسەر هیچ بەهایەکی نامێنێت، چونکە نووسەرەکان هەردەم لە نێوان خەیاڵ و دنیای ریاڵدا هەست بە جیاوازییەکی ئەوتۆ ناکەن، نووسەر بەردەوام بە خولقاندنی جیهانی ناو خەیاڵەکانی سەرسامە، ئەگەر من نموونەیەکت لەسەر خۆم بۆ بێنمەوە، دوای پێنج ساڵ نووسینی رۆمانی شەوگەڕەکان، کاتێک شەوانە بە شەقامەکانی شاری ئەمستردامدا دەگەڕێم، بە دڵ چاو بۆ مارتن سەلەمۆی کارەکتەری سەرەکیی ناو رۆمانی شەوگەڕەکان دەگێڕم و بەردەوام تامەزرۆی بینینی دەکەم، یان خوازیاری ئەوەم رۆژێک لە رۆژان چاوم بەو خانمانە بکەوێت کە بەدڵ و بە گیان بەدەستی خۆم سکێچم کردوون و هەموو مانایەکی بەهرە و جوانیم پێبەخشیون.

بەس لە ئێستا و لەم تەمەنەدا وەکو نووسەر یان هونەرمەندێک ئەزموونی ژیان دەکەم و خۆم بە بەختەوەر دەزانم، بە مانای تەواو وەکو مرۆڤ و بە پێنج هەستم رۆژانە لە ژیاندا ئامادەییم هەیە، بەردەوام پڕم لە خەون و خەیاڵی ناوازە بۆ هونەری نووسین، کەواتە بۆ نووسەرێکی وەکو من جارێ زووە باس لە خۆکوشتن بکەین.

**گۆران رەئوف: ئەدیبەکان بەگشتی خاوەن چەندان خەسڵەتی تایبەت بەخۆیانن: مرۆڤگەلێکی تەنیان، گۆشەگیرن، یاخین، پەراوێزن.. هەستناکەن کۆی ئەم خەسڵەتانە یەکسانە بە هەڵاتنی ئەدیب؟ یان بە واتایەکی تر هەڵاتن لە واقیع، هەڵاتن لە کۆی ئەو حاڵەتە دەروونییانەی لەگەڵیاندا دەژی و رەتیاندەکاتەوە، بەڵام دواجار ئەو ئەدیبانە هەنگاوێکی تریان لە پێشە، ئەویش کۆتاییەکەی بریتییە لە خۆکوشتن، چونکە گەر هەڵاتنیان لە کۆمەڵگا و واقیع جۆرێک بێت لە شکست، ئەوا بەدڵنیاییەوە لە دونیایەکی نموونەیی و خەیاڵیدا قووڵتر تووشی ئەم شکستە دەبنەوە، بۆیە دەکرێت بڵێین ئەدیبی یاخی و راستەقینە دوا مەنزڵی خۆکوشتنە..**

**میران ئەبراهام:** ئێمە هەموومان، ئیتر نووسەر بیت یان حەمامچی، کەرەستەی ئەو سروشتە کوردەوارییەی لەمەڕ خۆمانین، پاشان توانای ئاستی بیرکردنەوەمان شێوازی ژیانمان دەستنیشان دەکات، هەڵبەتە ئاستی بیرکردنەوەی نووسەر وای کردووە لە زۆرینە و مێگەل جیای بکاتەوە و لەناو خەڵکیدا نووسەرەکان بە گۆشەگیر یان تەنیا ناوببرێن، نووسەرەکان خاوەنی خووڕەوشتی تایبەت بە خۆیانن... ئەوە زۆر راستە، بەڵام ئەو ناونیشان و باڵۆرانە زۆر کۆنن و زیاتر لە دوو سەد ساڵە نووسەر و هونەرمەندەکان بەوە مەحکوم کراون کە ئەگەر تۆ نووسەر یان هونەرمەند بیت، دەبێت بەو جۆرە ژیان بگوزەرێنی.

بەڵام ئەوە لەدوای ساڵانی جەنگی جیهانی دووەمەوە باوی نەماوە و شەرمە بۆ نووسەرێک شوێنپێی نووسەرانی پێش خۆی هەڵگرێت، چونکە هەموو تاکێک پێویستە وەکو خۆی بەر ژیان بکەوێت و ئەزموونی بکات، من لەپاڵ ئەوەدا کە فوڵ تایم نووسەرم و بە کاری نووسینەوە سەرقاڵم، لەزەت لە هاوڕێیەتی هاوژینەکەم و منداڵەکانم دەبینم و بوونی ئەوان رۆژانە وزەم پێدەبەخشن، بێجگە لەوەی بوونی گەلێک لە هاوڕێکانم و کوردبوونم مەحکومم دەکەن بە ژیان.

من بە مانای تەواو لەگەڵ ئەوەدام هەموو کەسێک خۆی سەرپشک بێت لەوەی چەند و چۆن دەیەوێت بژی، هەروەها من لە هۆڵەندا لایەنگری ئەو بیرۆکەیەم کە پارێزگاری لە مافی خۆکوشتن دەکات، بەڵام با خوێنەرەکانمان بە هەڵە لێمان تێنەگەن، بە مەرجێک ئەو کەسەی داوای ئەوە دەکات و دەیەوێت کۆتایی بە ژیانی خۆی بهێنێت، نەچێت خۆی لە باڵاخانەیەکەوە فڕێداتە خوارەوە یان نەبێتە زیان بۆ سەر ژیانی ئەوانی تر، با بەگوێرەی یاسا و لە نەخۆشخانە یان لەژێر چاودێریی پزیشکدا کۆتایی بە ژیانی بێنێت، مەبەستم ئەوەیە تەنها یاساخ نەکرێت، بەڵکو چارەیشی بۆ بدۆزرێتەوە، بەڵام ئەو کەسە دەبێت لە تەمەندا بێت یان زەلیلی سەر جێگا بان نەخۆشیی دەروونی هەبێت، یانی ئەو کەسە دەبێت پزیشکەکانی رازی بکات، هەڵبەتە پزیشکەکانیش پەیڕەوی یاسایەک دەکەن کە لەلایەن حکومەتەوە دانراوە بۆ ئەو مەبەستە، لەو کاتەدا پزیشک هاوکاریی نەخۆش یان پەککەوتە دەکات و بێ هیچ ئێش و ئازارێک کۆتایی بە ژیانی دێنێت، ئەم بیرۆکەیە بۆ ئەو کەسانە نییە کە ئیماندارن و چاوەڕوانی ژیانێکی ئەبەدین.


**گۆران رەئوف: "ئاسمان ناوبانگیم لێ زەوت دەکات، ئەویش مەزنترین دەستکەوتە لە دونیادا، بۆیە منیش وەک منداڵێکی سەرکەش بەخشندەییەکانی تری فڕێ دەدەمەوە بە روویدا، هەر بۆیە کۆتایی بەو ژیانەم دێنم کە ئەویش مەرگی جوانی نێو مەیدانی جەنگەکانە. هاوکات زۆر دڵخۆشم بەبیرکردنەوە لە گۆڕی مەزنی بێ کۆتا". ئەمە لە یەکێک لە نامەکانی هاینریش ڤۆن کلایست-دا هاتووە کە بۆ ئۆرلیکەی خوشکی دەنێرێت، ئەم رەتکردنەوەیە و دواجار خۆکوشتنی کلایست، لەو خاڵەوە سەرچاوە ناگرێت کە مرۆڤ بوونەوەرێکە بەشوێن کەماڵدا دەگەڕێت و هەست دەکات ئەم زەوییە شوێنی ئەو نییە و پێویستە لە دونیایەکی کامڵتردا بژی؟ یان مرۆڤێکە لە دۆخێکی نائاساییدا کە تووڕەیە لە خودا و لە ئاسمان بۆیە ژیان بە رەهایی رەتدەکاتەوە و چێژ لە گۆڕ دەبینێت؟ دەکرێت پرسیارەکە وەها بکەین: ئاسایی نییە مرۆڤێک سروشتیانە رقی لە ژیان بێت؟**

**میران ئەبراهام:** ئەو چەند دێڕەم بە زمانی تر خوێندووەتەوە، هەڵبەتە نووسەر لەوێدا و لەسەرەتای نووسینەکەیدا ئەوە ئاشکرا دەکات کە باوەڕی بە خوا هەیە، چونکە ئەو لە گفتوگۆدایە لەگەڵ ئەو کەسەی کە باوەڕی پێیەتی و خولقاندوویەتی، ئەوەمان پێدەڵێت، کە لە بوونی رازی نییە و بە مردنی زۆر دڵخۆشە، ئەوە جۆرێکی ترە لە مردن، چونکە ئەو جۆرە مردنە یان خۆکوشتنە لە ئەنجامی تووڕەبوون یان بوغز یان نارازیبوونەوە سەرچاوەی گرتووە، ئێمە نابێت لێرەدا بە هەڵە لە فەلسەفەی مردن تێبگەین، کەسێک کە بە ئاگاییەوە کۆتایی بە ژیانی خۆی دێنێت، ئەوە زۆر جیاوازە لەوانەی بۆ مردن دەژین یان لە ئەنجامی تووڕەبوون یان نوقسانییانەوە خۆیان دەکوژن، نەوەکو تۆ بەمانای تەواو وەکو مرۆیەکی کامڵ و تێگەیشتوو لە هەموو مانا و بێمانایییەکانی ژیان و مردن تێگەیشتبیت، لەو کاتەدا ئەوانە مەرگدۆست نین بەڵکو هەڵبژاردەی دژیان هەیە بۆ ژیانیان.

**گۆران رەئوف: رۆماننووسی ناوداری ئیتاڵی چێزاری پاڤێزی خۆکوشتنی خۆی وەها راگەیاند کە خۆشترین شتە لە ژیانیدا! ئەم چێژە بۆ رۆماننووسێک کە پێیوایە خۆکوژی خۆشترین شتە، لای ئێوە کام دەلالەتی تێدا دەبیننەوە؟ یان بەواتایەکی تر ئەزموونێک کە تاقی نەکراوەتەوە چ هۆکارێک وا دەکات کە بڵێت خۆکوشتن خۆشترین شتە؟**

**میران ئەبراهام:** ئەزموونکردنی مردن، یان تێگەیشتن لە پرۆسەی مردن، بۆ نووسەران رازیبوونیانە بە مردن و تێگەیشتنە لە مانای بوونی مرۆ لەسەر ئەم هەسارەیە، من مردنم وەکو خۆی قبووڵە و پێموایە ئێمە وەکو توخمی گیاندارانی تر بەشێکین لە سروشت و لەسەر ئەم هەسارەیە دەمرین و دەژین و لێی جیانابینەوە، جیاوازیی نێوان بوونەوەرەکان تەنها ئەوەندەیە کە ئێمە زیاتر گەشەمان کردووە و هەروەها هیچ جیاوازییەکمان نییە لە پاداشتدا، بەڵام خۆپەرستی ئێمەی مرۆڤ گەیشتووەتە ئاستێک کە بۆ تێربوون لە هەستەکانمان وڕکی ژیانێکی ئەبەدی دەگرین، وشەی ناوی خوا تەنها بەهانەیە و مرۆڤەکان خۆیان بۆ مەرامی خۆیان بەرهەمیان هێناوە. ئیتر خۆ مەرج نییە ئێمە هەموومان ئەو داواکارییەمان لە خوا هەبێت، هەرچەندە لەناو ئێمەدا جارێ ئەو دەنگانە زۆر کەمن و هێشتا زۆربەمان بۆنی شیری حوشتر لە دەممان دێت، ئیتر لە لاوێتیماندا هەموومان خاوەن پرەنسیپی خۆمانین و بانگی ئازادی دەدەین و پاڵەوان و رزگارکەری میللەتی خۆمانین، بەڵام کاتێک پیر دەبین، پەشیمان دەبینەوە و وەسێت دەکەین کە تەلقین لەسەر گۆڕەکانمان بخوێنن، تەنها بۆ ئەوەی بێبەش نەبین لەو ژیانە ئەبەدییەی لە کتێبە پیرۆزەکاندا ناویان هاتووە، بەڕای من ئەو مرۆڤانە لە تەواوی کردەوەکانی ژیانیان پەشیمان بوونەتەوە.

لە کۆتاییدا، هەموو مرۆڤێک لەسەر ئەم هەسارەیە بێ وێنەیە و هاوشێوەی نییە، کەواتە هەموو تاکێک تایبەتمەندیی خۆی هەیە و جیاوازە، بێگومان نەک تەنها لە شێوازدا بەڵکو لە بیرکردنەوەیشدا جیاوازین، من بە ژیان رازیم و تووڕە نیم و غەزەبی بێزار بوون بەردەرگای نەگرتووم، بەڵام ئێستا رازی نابم رۆژێک گەنج ببمەوە، ئەوە بە غەدرێکی گەورە دەزانم، من تاوەکو ئەمڕۆم هێناوە و زۆر ماندوو بووم و هەوڵم داوە تاوەکو تێبگەم و خۆم پەروەردە بکەم و لەدەست کاڵفامی رزگارم ببێت، ئیتر گریمان ئەگەر بە جەستە پیر بووم... بەڵام ئێستایش منداڵێک لەناو رۆحمدایە و بۆ جێبەجێکردنی داواکاریی هەستەکانم رۆژانە وڕکم پێ دەگرێت، جارێ نەگەیشتووەتە ئەوەی داوای ژیانێکی ئەبەدیم لێبکات، ئیتر چەند دەرفەتم دەبێت بژیم ئەوە پێی رازیم، هیوادارم لەم ژیانە لە هەوەس و داواکاری هەستەکانم تێر ببم و نەکەومە ژێر کاریگەریی ئەوەی بە داوای ژیانێکی ئەبەدی مەحکوم بکرێم.





# وەرگێڕی شیعر ڕەنجبەخەسارە

ڕەسووڵ سوڵتانی



وەرگێڕ بەگشتی کەسێکی ڕەنجبەخەسارە، بە دوو هۆکار:

یەکەم: ئەگەر دەقەکە زۆر باش وەرگێڕێت، ئەوا خەڵک دەستخۆشی و ئافەرین لە نووسەر و خاوەن دەق دەکەن. ئەگەر خراپیشی وەرگێڕێ، ئەوا خەڵک دەڵێن: هەی دەستت بشکێ و هیچ کوێت لە دیوی دەرەوە نەیەشێ بۆ وەرگێڕانت.

دووەم: وەرگێڕ ڕەنجبەخەسارە، چونکە وەک ئەوەیە کەسێک خۆی منداڵی نەبێ و لە سوێی منداڵ، بچێ منداڵی کەسانی دیکە بەخێو بکات. خۆ کورد دەمێکە گوتوویەتی: ئەوەی گوێلکی خەڵک بەخێو دەکات، هەر گوێلەوسار/گوێلهەوساری پێ دەمێنێ.

جا بۆیە ئەگەر وەرگێڕان بە گشتی ڕەنجبەخەساری بێت، ئەوا وەرگێڕی شیعر نەک ڕەنجبەخەسارترە، بگرە دەم لە پووش دەمێنێتەوە.

چەند ساڵێکە لێرە و لەوێ، تاکوتەرا و جاروباریش لە دووتوێی کتێبی چاپکراودا، چاوم بە دەقی وەرگەڕێنراوی شیعرەکانی سۆهراب سپێهری دەکەوێ و بەزەییم بەو کەسانەدا دێتەوە کە تامەزرۆی ئەدەبن و فارسی نازانن و هەوڵ دەدەن تۆزێک لەو چێژەی ئێمە لە شیعرەکانی سپێهریی وەردەگرین، وەرگرن. کەچی مخابن ئەگەر بزانن ئەو وەرگێڕدراوانە چۆن وەرگەڕێنراون و بەراوەژوو کراونەتەوە و وەرگێڕەکانیان چۆن دەم لە پووش ماونەتەوە، ئینجا دەزانن چ کڵاوێکیان چووەتە سەر.

شیعر لە چاو باقی ژانرەکانی دیکەی ئەدەب، دەقێکی سرک و تۆڕ و سەربزێوە. ئەو دەقە بۆ وەرگێڕان خۆ بەدەستەوە نادا، بەتایبەتی کە شیعر جیهانێکی پانوبەرین و فرە ڕەهەندە لە زماندا و بە زمان بنیات دەنرێت. زمانی شیعر ئامرازی گواستنەوەی پەیامێکی ڕووت نییە، زمانی شیعر ئامراز نییە بەڵکو خۆی ئامانجە. ئەو ئامانجەی کە لە فۆڕم و مانا و پەیام و مۆسیقادا وەها یەکانگیر دەبێ، ئەگەر بێت و هەر کام لەو توخمانە بەلاوە بنێیت و جیای بکەیتەوە، ئیتر ئەو دەقە لە شیعرییەت دەکەوێ، ئیتر ناکرێ ناوی بنێیت شیعر. کە دەڵێین زمانی شیعر ئامراز نییە و ئامانجە، مەبەست ئەوەیە زمانی شیعر ئیتر کەرەستەیەک نییە بتوانی لە یەک ڕەهەندەوە لێی وردبیتەوە و ئینجا لێبڕاوانە بڵێی ئەوە ناسیم و لێی تێگەیشتم، بەڵکو زمانێکە کە وشە تێیدا لە چوارچێوەی تەکمانایی و قامووسی دێتە دەر و دەبێتە بوونەوەرێکی زیندووی فرەڕەهەند و فرەمانا. هەر بۆیە لە وەرگێڕانی شیعردا لەسەر یەک کۆی ئەو جیهانە دەشێوێت و کاتێک ئێمە وەرگێڕدراوی شیعرێک دەخوێنینەوە، وەک ئەوەیە تۆ بە من بڵێی حەز دەکەم فلان هاوڕێی خۆتم پێ بناسێنی، بەڵام من تەنیا جلوبەرگەکانیت بۆ بێنم.

بۆ وێنە، تۆ چۆن دەتوانی ئەم دێڕەی "نالی" بکەیتە فارسی، عەرەبی، ئینگلیزی یان هەر زمانێکی دیکە، بەبێ ئەوەی لایەنە ستاتیکییەکانی بشێوێنی و ئەو فرە مانایەی تێیدایە بپارێزیت؟ ئەگەر توانیت، کەوابوو تۆ لە نالی گەورەتری:

**هەرچەندە گوناهی دەمەکەت بارە لەسەر لێو**
**حەددی چییە نالی کە بڵێ ماچە کەفارەت**

..

لە ئایینی ئیسلامدا گوناە بە کەفارەت لەسەر مرۆڤ لادەچێ. جاری وایە ئەو کەفارەتە ماڵی دنیایە و جاری واشە سزا و تەمبێیەکی جەستەییە کە پێی دەڵێن: حەد... حەددی شەرعی.

وشە فرەماناکانی ئەم شیعرە:

**دەم/ دەمەکەت: چوار مانای هەیە:**

**دەم: زار**

**دەم: بە عەرەبی واتە خوێن**

**دەم: کات. دەموسات...**

**دەمەکەت/ یانی کە تۆ دەڵێی دە مەکە... دە وامەکە... گوناهی دە وامەکەی تۆ...**

**کە وەختێک ئافرەت بە ناقایلی دەڵێ دە وا مەکە، لێوبەبار و مرچومۆنیش دەبێ...**

نالی دەڵێ:

**ئەگەرچی گوناهی ئەو خوێنەی ئاشق کە ڕشتووتە...**

**ئەگەرچی گوناهی ئەو دە وامەکەیەی کە کردووتە**

**ئەگەرچی گوناهی ئەو دەم و لێوەت کە منیان کوشتووە**

**ئەگەرچی گوناهی ئەو ساتەوەختەت کە ڕووی داوە، ئێستا باری سەر لێوەکانتە ...**

**ئێستا ئەو گوناهە بە کەفارەت لادەچێ....**

**بەڵام کەفارەتی ئەو گوناهە ماچە...**

جا ئێستا، ئەگەر نالی بڵێ "ماچە کەفارەت" حەددی شەرعییەکەی چییە؟ یانی سزای شەرعیی نالی "حەدد" چییە ئەگەر ئەو نهێنییە ئاشکرا بکات؟

یان نەخێر:

نالی حەددی چییە بێ و بڵێ ماچە کەفارەت. یانی نالی "ڕێی ناکەوێ" شتی وا بڵێ و حەددی نییە...

جا ئەگەر تۆ توانیت هەموو ئەم وردەکارییانە بگوێزیتەوە و نەهێڵی قووڵایی شیعرەکە تەنک بێتەوە، من دەستت ماچ دەکەم.

..................

ئینجا با بێینەوە سەر سوهراب: بۆچی ناکرێتە کوردی؟

شاملوو دەڵێ، تەرجومەی شیعر وەک ئەوەیە کەناری/ بولبولێک بۆ گۆشتەکەی سەرببڕیت، لە حاڵێکدا بولبول بۆ خواردن نییە، بۆ خوێندن و چریکاندنە....

لەوەش بگوزەرێین، با وای دانێین هەر ناچارین شیعر بکەینە کوردی، وەک شاملووش سەرەڕای ئەم بۆچوونە دیسانیش شیعری شاعیرانی جیهانی کردووەتە فارسی، بەڵام ئەو شیعرە سرکانەی خۆ بەدەستەوە نادەن کامانەن؟

تۆ چۆن دەتوانی وەسف و تاریفی جیهانێکم بۆ بکەیت کە نەک تێیدا نەژیاویت، بگرە بە سەفەریش پێیدا ڕانەبردووی؟

ئاخۆ من کە هیچ سەیرانگە و شوێنێکی ئوستورالیام نەدیتووە، لەڕێی فیلمێکەوە دەتوانم جۆرێکی بۆ تۆ بگێڕمەوە کە تەواو بێتە پێش چاوت؟

دنیای شیعری سۆهرابی سپێهری لە هەموو شاعیرانی هاوچەرخی خۆی و بە گشتی فارس جیاوازە، تەنانەت شاملوو تانەی لێ دەدات لەسەر ئەو شیعرەی کە دەڵێ:

با ئاوەکە لێڵ نەکەین،

پێی دەڵێ: ئاخر لە سەرووترەوە، لای سەرچاوەوە خەریکن پۆل پۆل کۆتر دەکوژن و خوێنەکەی دەڕژێتە نێو ئەم ڕووبارەوە، ماقووڵ نییە تۆ ئەو خوێناوە نابینیت و بە من دەڵێی ئاوەکە شلوێ مەکە.... ئاوەکە ئیتر بووەتە خوێناو...

جیهانی زەینی سۆهراب، جیهانێکە، کورد ناتوانێ ئەزموونی بکات، جیهانێکی عاریفانەی بێخەوش و بێگەرد و بێخەم و بێ ئازارە. ئەرێ کورد لەم دۆزەخی ژیانەدا دەتوانێ وەسفی ئەو جیهانە بکات کە بە خەونیش ڕێی ناکەوێتە ئەوێ؟

با نووسینەکە درێژتر نەبێتەوە، ناچمە سەر لایەنی مۆسیقای ناوەوەی شیعرەکانی سۆهراب و دەستەواژە و پێکهاتە و وێنە و ئاماژەکانی کە هێندەی زەوی و ئاسمان لە زەینی کوردەوە دوورن...

هەر بۆیە کاتێک وەرگێڕدراوی شیعری سۆهراب دەخوێنینەوە، هەست دەکەین دەقی منداڵێکی ساویلکە دەخوێنینەوە کە هیچی تێدا نییە... ئەوەش خەتای سۆهراب نییە بەڵکو وەرگێڕەکەیە دەم لە پووش ماوە.

سەید عەلی ساڵحی کتێبێکی هەیە بە ناوی "شرح شوکران"، ڕاڤەی شیعری شاعیرانی فارسە. لە هەر شاعیرێک سێ چوار شیعری هەڵبژاردووە و شەرح و تەفسیری بۆ نووسیون. بەڵام کە گەیشتووەتە سۆهراب، چوار شیعری داناوە و نووسیویەتی: چ دەڵێین با بیڵێین، شیعری سۆهراب ڕاڤە هەڵناگرێ. تەنیا دەبێ بخوێنیتەوە و چێژی لێ وەربگری.

باشە شاعیرێک کە شاعیرانی فارس شیعرەکەیان پێ ڕاڤە نەکرێ، کوردێکی فارسی نەزان کە تەنانەت هەموو پتانسیەلەکانی زمانی کوردییشی نەناسیوە و لێی شارەزا نییە، چۆن لێی تێدەگا بۆ ئەوەی بیکاتە کوردی؟

لە شیعردا کۆمەڵێک توخم یەک دەگرن کە وەرگێڕ لە وەرگێڕانیدا ناتوانێ دەست وەبن باڵی هەموو ئەو توخمانە بدات و ڕایانگوێزێتە نێو زمانەکەی خۆیەوە. تۆ چۆن دەتوانی شیعرێک وەرگێڕیت و هاوکات خەیاڵ و گەمە زمانییەکان و مۆسیقای شیعرەکە و جیهانی زەینی شاعیر و پەیامی شیعرەکە ڕاگوێزیت؟ خۆ ئەگەر ئەوەت لەدەست هات، ئەوا دەبێ ناوت نەنێن وەرگێڕ، بەڵکو پێت بڵێن بلیمەت و پیتۆڵی سەردەم.

لەو نێوەدا چوارینەکانی خەیام کە هەزار کردوونی بە کوردی، باسێکی جیاوازە، چونکە هەر بە قسەی من نا، بەڵکو بە ئیعترافی هەموو ئەوانەی کوردی و فارسییەکی باش دەزانن، لە زۆر جێ چوارینەکانی هەژار لە دەقە سەرەکییەکە شاعیرانەتر و پڕماناتریشن.

**"شاعیرێک کە شاعیرانی فارس شیعرەکانیان پێ ڕاڤە نەکرێ، کوردێکی فارسی نەزان چۆن لێی تێدەگا بۆ ئەوەی بیکاتە کوردی؟"**